
# پێشمەرگەی ون

## ئەحمەد دەشتی

هاتین هاتین
چی بزاف وهێزوگوڕ بوو
چی ئاوات وئەشقی دل بوو
بۆکوردستان
بۆرزگاری وسەربەخۆیی
تەرخانمان کرد
هاتین هاتین
چی کۆسار و چیا وهەردبوو
چی ئەشکەوت و تاشەبەردبوو
چی قەدپال و دۆندوچەم بوو
گەڕاین لەڕێی حەسانەوە
بۆسەربەستی و نەبڕانەوە
هاتین هاتین
بووین بەبلێسەی ئاگر و نوور
بۆ سوتانی دوژمنانمان
کوردستانمان کردبەگڕی سووری تەنوور
تاریکیمان لەچیا ڕاونا
بەبزافی تێکوشان و قوربانیمان
لەشۆڕش وخەباتماندا
کۆلمان نەداو بوینە سرودی قارەمانان
هاتین هاتین
خوێنی سورمان کردەچەتری سەری لاوان
بە هەزاران تەرمی پاکی شەهیدانمان
لە دامێنی دەشت و چیا
بەخاك سپارد
لە هامۆنی ئاگر و گردا
خوێنی کوردمان بوو بە سایەی
سەری منالان

بۆ گەیشتن بە ئارەزووی دیرینەمان
هەزارە ها تەرمی کوردمان
کردە پردی ڕێگەی خاکمان
هاتین هاتین
ڕانك و چۆغەی میرەکانمان
هێنایەوە و لە بەرمان کرد
مەهابادمان کرد بەپێشەنگ
مێژووی ونی ئاگرێداخمان لە سینەدا
کوان و زامەکونەکانمان نوێ کردەوە
بەوورەی بەرزوسەربەخۆیی
هاوارمان کرد
کوردستانمان یا خودنەمان
هاتین هاتین
زستانی سارد دا هاتەوە
ژان و برینی دیرینەمان
لە پەژارەو خەمی ئەیلول نوێ کردەوە
کارەسات و خەمی تازە دای دەگرتین
ئاسمانی ڕەش خوێنی سووری
گەلی کوردی دەتکاندەوە
شەهیدانی ناو ڕوبار وسەر شاخەکان
هی زیندان و ژێر سێدارەو ئەنفالەکان
هێندە زۆر بوون
ناومان لێ نان پێشمەرگەی ون
هاتین هاتین
بەسەر برین و کارەساتان ڕادەبردین
سۆریا و دەکاو قەلادزەمان
دا دەگیرسـانـد
بۆ ڕوناکی کوردستانمان

شەهیدی نەمر ئەحمەد حاجی عەلی



نەترساین و سلمان نەکرد
بوینە هەزار هەزار
چاوی سوورو تەنی تینوو
بوینە ملیۆن قەلای ترس و
پڕ زەندەق چوو
بووین بەلەرزە
کۆشکی هەزار قاتەی ترسمان
لە ناو دلی دوژمن ساز کرد
چرای گەشی هەژارانمان دا گیرساندو
خوێنی ئالی پێشمەرگەمان
کردە دروشمی دۆندی چیا
پێیان گوتین چەتە و ئەشقیا
ناویان دەناین تورکی چیا
کراینە جینن و دێو و مافیا
هاتین هاتین
کوردستانمان تەژی خوێنی
ڕۆلەی کورد بوو
شە هیدانمان هێندە زۆر بوون
ڕۆژ ژمێریش ناوی بەرزی
شە هیدانی کوردنازانێ
هەر هەنگاوێ کەوا نامان
هێسك وپڕوسکی لاوەکانمان لەڕێ دانا
بۆ ئازادی و سە ربەخۆیی هەنگاو نرا
بە هەزاران گۆڕی شەهید بونیاد نرا
لەوان ناو نرا جەزائیری
ملیۆن شەهید
بەلام مێژ وو
هێشتان ئێمەینەخستۆتە
سەرلاپەڕەو نەخشەکانی
کەلێندەری شەهیدی کورد

هەتا ئێستانەنوسراوەو نەبیستراوە
ئێمەتەنیاملیۆنێکمان
سیدارەمان بۆ ساز کراوە
جگە لەوەش ملیۆنێکمان
هەرپێشمەرگەی نەناسراوە
هاتین هاتین پەنجەمان نا
چاوی دیرۆك
وەسەر گوللەو گڕ ڕابردین
هاوارمان کرد
ئێمەڕۆلەی کوردستانین
چاومان هەیە
خاکمان هەیە
مافمان هەیە
خوێنمان وەکوو خوێنی هەموو
مرۆ ڤێکی ئەم زەمینە ڕەنگی سوورە
ئێمەش هەموو ژیانمان دەوێ
دەمانەوێ لە خاکمان داسەربەست بژین
کوردستانمان هی خۆمان بێ و
سەربەخۆ بێ کوردی هەژار
بەلام تەنیادەنگ دانەوەی خۆمان دەبیست
کەس وەرامی نەداینەوە
جگەلە وەش تالان کراین
بێ بەش کراین وە بەربۆمبای
کیمیاش دراین
کوردستانمان خاپوور کرا
شارو گوندمان خنکێندرا
هەلەبجەمان شەهید کرا
هاتین هاتین
سالەهایە بۆ ئازادی و
وەلاتێکی کوردەواری

شەهیدی نەمر عەبدوالخالیقی نەمر



ئێمەلەناو
چالەمەرگی خوێن دەگەوزێین
زۆرلە مێژە کورد دەکوژرێ
بە زۆر داری و ستەمکاری
کوردستانی داگیر دەکرێ
لاو و پیر و ژن و منالی لەناو دەبری
لانەی ژیانی وێران دەکرێ
بە ئەنفال و بۆمبای شیمیا
هەزارهەزار ڕۆترِی کوردمان
شەهید دەکرێ
هەلەبشیمای بۆ وەدی دێ
دەنگی رەوای مافی مرۆڤان
لەم جیهانە بێ دەنگ دەکرێ
چی ویژدانی سەر زەمینە
بۆ بەرگری
لە مافی کورد دا دەمرێ
هاتین هاتین
نەترساین و سلمان نەکرد
زۆر داستانی خەباتمان
لە شۆڕش و راپەڕینمان
بۆ ڕزگاری و سەر بەخۆی تۆمارمان کرد
نەترساین و سلمان نەکرد
هەزار هەزار
تەرمی ڕۆڵەی پێشمەرگەمان لەڕێ دانا
خوێنی شەهید بەگوڕهەستا
گەلێ لاشەی داگیرکەرمان لە خاك ڕادا
هاتین هاتین
سەنگەر گەرمە
سەرای خوێنی شەهیدانمان
وا گە پشتە بەرزی ئاسۆ

پێشمەرگەی کورد
چرای دەنگی خۆی پێ دەکا
ڕێگا بەخوێن دەکاتەوە
بەووڕەی بەرزی ڕێی سەربەرزی
قەت نابەزێ
دەڕوا دەڕوا بەرەو قۆناغ
هەرسەرووەرە لە سەرئەرزی
شاری شەهید زێدی گۆران
دیاربەکر و مەهاباد و
سۆریاو بارزان
دەرسیمەکەی دیرۆکی ژان
شێخ وەسان و بادینان و
خڕ کوردستان
ڕەتێینراوی و ئاوارەیی هەزارانمان
نیشتمانی بەخوێن سووری
لەت لەت کراومان
شەهیدانی خۆشەویست و لەناو دڵمان
هەزار هەزار
ڕۆڵەی ون و پەرێشانمان
کارەسات و بەسەرهاتی رابوردوومان
دەکەین بەدروشمی پیرۆزی
بۆ کوردستان بۆ سەربەرزوی
بۆ ئازادی بۆ رزگاری و بەختەوەری
بۆ پێشکەوتن لەوە لاتێکی
پڕلەشادی و
سەربەخۆیی کوردەواری
بە یادی ڕۆژی شەهید کردنی نەمرو هەمیشە
زیندو فەیلەسوفی کورد عوبدوالخالیق مارف
هەندەران بەرلین 1988

**پێشکەشە بە گیانی پاکی کاکە خالیقی نەمرو کاروانی شەهیدانی کوردردو کوردستان**